# دیموكراسی و دەسەڵات لە كوردستان

## گفتوگۆی سایتی دەنگەكان لە گەڵ دارا مەحمود

**ڕزگار عومەر :-** ئەزموونێك كە دەسەڵاتی كوردی لە 15 ساڵی ڕاپەڕینەوەدا بەسەر كۆمەڵگەی ئێمەدا ساغی كردەوە ، هەڵگری زۆر سیماو دیاردەیە ، یەكێك لە سیماكانی ئەم ئەزموونە مامەڵەو تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتە بوو لە ئازادی و لە دیموكراسی . ڕووی ڕاستەقینەی تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتە لە شەڕی ناوخۆدا بەرجەستە بوو ، بەڵام دوا بە دوای ڕوخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی 2003 وە ، چەندین پەردەی تری مامەڵی ئەم دەسەڵاتەمان بینی ، بە ڕای تۆ ئەم مامەڵەو ئەم تێگەیشتنەی دەسەڵاتی كوردی ، لە چ لێكدانەوەدا كۆی بكەینەوەو چۆن تیئۆریزەی بكەین ؟

**دارا مەحمود :-** دەسەڵاتی كوردی لە بێ ئەزموونی و نائاشناییەكی تەواوەوە، بە بنەماكانی دیموكراسی، ئازادی، عەدالەتی كۆمەڵایەتی، یاساودەستور... خەباتی شاخی بەجێ هێشت و هاتە ناو جیهانی بەڕیوەبردنی دەوڵەت. جیهانێك كە پێمواپە هەمووما پێی نامۆبووین. نائاشنایی و نامۆ بوونەكەش نەك تەنیا لە ڕووی تیۆری و ئاكادیمییەوە، بەڵكو لە ڕووی عەقلیەت و زهنیەتەوە كە خەمێكی تری تێدا كەڵەكەبووبوو. خەمێك كەلەسەر بنەمایەكی كولتووری دواكەوتووانەو نامۆ بە جیهانی مۆدێرن و شارستانییەت، و لەسەر بنەمای عاتیفەیەكی سەرەڕۆ و ناعەقڵانی دامەزرابوو. و بەخوێندنەوەی هەل و مەرج و خەسڵەتەكانی ئەو قۆناغە دەبینین بەشێكی زۆر لەو دەرئەنجامە دراماتیكیانەی بەدوایداهاتن نائاسایی و ناسروشتی خۆیان نانوێنن. مەبەستی گشتی ئەم پێشەكیەم ئەمەیە كە دەكرێ ڕووداوەكانی بەر لە ڕووخانی ڕژێمی عیراق لە ساڵی 2003 دا بەشەڕی ناوخۆشەوە لە وەها عەقلیەتێك چاوەڕێ بكرێت و بەكۆمەڵێك تێبینییەوە چاوپشی لێ بپۆسرێت. بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم و ئەم هەموو هەژانەگەورانەی لەگەڵ خۆیدا هێنانی گۆڕانی ئەو زهنیەتە كۆنانەی دەخواست كە تا ئێستا ئاشی سیاسەت لە گۆڕەپانی كوردستاندا دەگێڕێت. بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەمەبوو كە لە سەر ئاستی ئەو عەقلیەتە هیچ گۆڕانێك بەدی نەهات. بۆیە ئیتر لێرە بەدوا ناكرێ پاساوی بێ ئەزموونی و نەگونجانی فاكتەری جیوگرافیایی بهێنینەوە. هەروا ناشكرێ بڵێین هیچ شتێك ڕوویان نەداوەو پێشدان چۆن بووە هەروایە. و وەك واقیعیك دەبینین پەراوێزێك لە ئازادی و سەرەتاكانی دیموكراسی لەئارادان. بەڵام بەبڕوای من گرفت و بێ هیواییەكان لێرەوە دەست پێ دەكەن كە ئەمانە بەجۆرێك سنووردراكراون كە چیتر گەشەسەندن هەڵناگرن. و جارێكی تر ئەو كێشە لەمێژینەیە دەخاتەوە ڕوو. كێشەی ئەوەی كە دەسەسەڵات دەڵێت؛ دیموكراسی ئەمەیە كە هەیە. لە حاڵێكدا دیموكراسی ئەوەیە كەدەبێ هەبێت.

هەروا قەیرانی عەقلیەتی دەسەڵات لەمەدایە كە هەمیشە جەخت لەسەر گوتارێك دەكاتەوە. گوتارێك كە شایستەیی هەمیشەیی هەر بەخۆی دەبەخشێتەوەو ئەوی تری لێ بێبەش دەكات. لەبەر ئەمەش كە

دیموكراسی و ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی لەگەڵ وەها گوتارێكدا ناكۆك و دژ بەیەكن وەك دەرەئەنجامێكی حەتمی لەیەكتر دەكەونە سەنگەرگرتن.
هەروا دیوێكی تری قەیرانی ئەم عەقڵیەتە لەمەدایە كە تەنیا بە بەخشینی شایستەیی بە خۆی سنووردار نابێت، بەڵكو ئەو مافەش بە خۆی دەدات كە بەخشینی مەرگ و ژیان تەنیا لەدەستی ئەودا بێت.

**رزگار عومەر** :- دوای پانزە ساڵ لە ئەزمونی دەسەڵاتی كوردی ، ئەم دەسەڵاتە لەرۆژگارێكدا درێژە بەم ئەزمونەی خۆی دەدا ، كە لە گرەوی كۆنترۆڵ كردنی نارەزایەتیە جەماوەریەكاندایە. بۆ ئەم كۆنترۆڵ كردنە زۆر رێگا دەگرێتە بەر ، جارێك بە میلیتاریزە كردنی شارو شارۆچكەكانی كوردستان و تەقە كردن لە خەڵكی سیڤیل ،جارێكی تر بە هەرەشە ،جارێكی تر بە بۆیە كردنەوەی بەڵێنە سواوەكان ، جارێكی تر بە میدیا . پێت وایە ئێمە لە ئایندەدا بەرەو رووی گۆڕانكاری چارەنوساز دەبینەوە ، كە هیچ لەم وەسیلانەی دەسەڵات نەتوانێ كۆنترۆڵی ئەم شەپۆڵانە بكا ؟

**دارا مەحمود** :- پێموایە جارێ زووە باس لە گۆڕانكاریی چارەنووسسازانە بكەین. ئەوەی گۆڕانكاری بەدی دەهێنێت فاكتەرو میكانیزمن. یانیش دەتوانین لەدوو پرسیارەوە بابەتەكە روونتر بكەینەوە. یەكەم پرسی ئەوەی بۆچی پێویستە گۆڕانكاری بەدی بێت..؟ كە پێموایە بۆ دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە زەحمەتییەكمان تووش نابێت. دووەمیان: چۆن گۆڕانكاری بەدی بێت..؟ لێرەدایە ئێمە دەبێ هەڵوێستە بكەین و بە پشتبەستن بە ئەزموون و خوێندنەوەی واقیع وهەڵسەنگاندنی ئامرازەكان و خستنەگەڕی بیرو لێكدانەوەمان چارەسەریەكان پەیدا بكەین.
ئەزموونی دوورودرێژی مرۆڤایەتی ئەوەمان فێردەكات كە كاریگەرترین ئامراز و لەهەمان كاتدا میكانیزمی سەرەكی گۆڕان هەر جەماوەر خۆیەتی. كەواتە ئێمە دەبێ لە خودی جەماوەرەوە دەست پێ بكەین.
دەسەڵات سەرەڕای ئەوەی خاوەن هێزی پۆلیسی و سەركوتكردنی خۆیەتی، خاوەنی بنكەیەكی جەماوەری فراوانیشە. ئەم جەماوەریی بوونەی خەسڵەتێكی وای پێ بەخشیوە كە ناچارین ئێمەش پێناسەیەكی ترمان بۆی هەبێت. یانیش لانی كەم بەجۆرێكی تر هەڵی سەنگێنین و مامەڵەی لەگەڵدا بكەین. و دەبینین هەركات بەشە سەركوتكراو یان ستەمدیدەكەی كۆمەڵگا هاوارو بێزاری و تەواوبوونی سەبری خۆی دەربڕی، یەكێك لە چەكەكانی دەسەڵات بەكارهێنانی جەماوەرەكەی خۆیەتی. كەواتە جەماوەر لەرێگای خۆیەوە (بەشێكیەوە) سەركوت دەكرێتەوە. بەشێكی، لەخۆشیی چنینەوەی بەرهەمەكانی (سەركەوتن!)دا خەنی بووەو بەشەكەی تریش بێ بەری. بەشێك بەبێ هەبوونی هیچ پاساوو پاڵپشتێكی یاسایی بۆتە حاكم و ئەوی تریش مەحكوم... لێرەدایە كە قەیرانی عەدالەتی كۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. ونەبوونی ئەو عەدالەتە كۆمەڵایەتییە بناغەو فاكتەریی بێزاری و نارازیبوونەكانن. بەڵام لەئاكامدا و بە خوێندنەوەی واقیعی هەلومەرجەكە دەبینین گۆڕانكاری بە دووبارەكردنەوەی واژەو چەمكەكانی وەك: (دەبێ) و (نابێ) مەیسەر نابێ و توندەرەوی و چاوەڕوانی بێجێش ئاسانكارییەكمان بۆ ناكەن.
ئەوەی من لە چوارچێوەی واقیعبینانەیدا دەبینم ئەوەیە كە بەگەڕانەوە بۆ پرسیارەكەت كە ئەگەر هیچ كام لە ئامرازەكانی دەسەڵات نەتوانێ پێش بە تەوژمی جەماوەر بگرێت چ دەبێت..؟ بێگومان هیچ هێزێك

ناتوانێ پێش بە تەوژمی جەماوەر بگرێت. ئەگەر لە شوێنێک بتوانی پێشی پێ بگرێت لە شوێنێکی تر. و ئەگەر ئەمڕۆ سەرکوتی کات سبەینی سەرهەڵدەداتەوە...بەڵام مەرجیش نییە ئاستی ناڕازی بوونەکان هەمیشە سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوەو گۆڕانکاریی خوازراو بەدی بێنێت. کەواتە جەماوەر بەر لە هەر شت دەبێ ئاست و چوارچێوەی چالاکییەکانی خۆی لە سەرهەڵدان و هەڵچوونێکی عەفەویانەوە بخاتە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێک و ئۆرگانیزەکراو، کە خواست و داواکانی ڕوون و ئاشکرا بن. چوارچێوەیەکی یاساییانەو شارستانیانەو بەواتایەکی تر بنیاتنانی پایاکانی کۆمەڵگای مەدەنی. و خۆ ئەگەر بپرسین ئەی ئەگەر دەسەڵات پێشی لە ڕەخساندنی وەها بوارو دەرفەتێک گرت. دەڵێم پەنا بردنی دەسەڵات بۆ پێشگرتنی دروستبوونی وەها شتێک بەرلە هەر شت ناچارکردن و تەنانەت ڕەوابەخشینە بە بە پەنابردنی جەماوەر بۆ کاری توندو تیژی و یاخی بوون و سەرپێچی لەیاسا. سەئەنجامیش قەیرانی زۆرترو ناسەقامگیری پتر.

**ڕزگار عومەر** :– سەبارەت بە ئایندەی ئەم جموجوڵە جەماوەریانەی کوردستان تێگەیشتنی جۆراو جۆر تاوتوێ دەکرێ .ئەگەر ئەم جموجوڵە فراوانتر ببێ و شارە سەرەکیەکانی کوردستانی بگرێتەوە ، بە ئاستێك کە هەیبەت و هەژموونی ئەم دەسەڵاتە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەرزی گەورەی تێ بکەوێ لە کۆنترۆڵ کردنا . لە بارودۆخێکی وادا ، لە نەبوونی پرۆژەیەکی دیاری کراوی سەرتاسەری جەماوەری لە کوردستان بۆ دیموکراسی و بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، پێت وانیە ئەنجامەکانی بە شێوەیەك بێ کەبچێتە گیرفانی بەدیلەکانی تر کە برا بەشن لە دەسەڵاتی کوردی وەکو حیزبە دینیەکان ؟ ئەگەر ئەم دوو دڵیە راستیەکی تێدایە ، پێت وایە چ پرۆژەیەك دەتوانێ بەر بەئەنجامی لەو بابەتە بگرێ ؟

**دارا مەحمود** :– خوێندنەوەو پێشبینیەکی بەو جۆرە لە جێگای خۆیان دان. جارێ ئێمە جگەلە چەمکێکی تەمومژاوی جەماوەر! بەولاوە شتێکی ترمان نییە و بەواتایەکی دیکە جەماوەر بەبێ هەبوونی نوێنەرایەتییەکی سازدراو، بەشێوازێکی پەرت و بڵاو چالاکی خۆی دەنوێنێ. و لەم قۆناغەی ئەمڕۆییدا لەسەرێکەوە جەماوەر خۆی ئەو توانایەی نییە درز بخاتە دەسەڵات و لەسەرێکی دیکەشەوە دەسەڵات خاوەنی ئامرازی بەرپەرچدانەوەو سەرکوتکردن و هەڵمژینی کاریگەرییەکانە. بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر ئەلتەرناتیڤەکان، لە پرسەکەی تۆو هەندێک بۆچوون و لێکدانەوەی تریشەوە، ئەو ئەگەرە هەڵدەهێنجین کە خەڵک لە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا دەسەڵات ڕامالێت و دەسەڵاتێکی تر بێنێتە سەر کار. کەمن وەها پێشهاتێک نە لە ئاسۆوە دەبینم و نە بەڕاستیشی دەزانم. هەربۆیە لایەنگیری ناکەم و ڕەواجیشی پێ نادەم. ڕوودانی شتێکی وا جگەلەوەی وێرانی و کوشتارێکی حەتمی لێدەکەوێتەوە، پێشمان ناڵێ ئەدی پاشان چ دەبێ. و لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی چەند پرسی گرنگ دەبینەوە، وەک: ئایا ڕامالینی دەسەڵات چارەسەرییەکی لۆژیکمەندانەو یانیش پێویستە..؟ ئایا ئێمە ئەلتەرناتیڤێکی باشترمان لەم دەسەڵاتەی ئێستا هەیە..؟...و کاتێک وەڵامەکان (نا) بن. ڕووبەڕووی پرسێکی تر دەبینەوە، کە: ئەی ئەگەر ئەلتەرناتیڤ ئاینی ئەرکی ڕێکخستنی جەماوەری بەخۆی سپاردو بەپرۆژەیەکی تۆکمەوە! هاتە گۆڕەپانەکە

چی..؟ بەڵێ! ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە شیاوی هەڵسەنگاندنە. و ئەگەریکە دەکرێ ڕوو‌بدات. و ئەوەی لە فەلەستین رووی دا لای ئێمەش روو بداتەوە.

پێشگرتن لەوەها پێشهاتێک هەم دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و هەمیش جەماوەر. دەسەڵات بەو پێیەی بەرپرسی ڕاستەوڕاستی کێشەو قەیران و نەبوونی بەرابەرییەکان و سەرچاوەو هوکاری ناڕازیبوونەکانە. جەماوەریش بەو پێیەی هەر وەک خۆتان ئاماژەتان پێکرد خاوەنی هیچ پرۆژەیەک بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی نییە.

پێویستە ئەمەش بڵێم کە گەرچی داگیرکردنی گۆڕەپانەکە لە لایەن هێزە ئاینییەکانەوە دەبێتە کارەسات و هەمووشمان باجەکەی دەدەین. بەڵام بۆ پێشگرتن لەوەها ئەگەرێک هەرگیز ڕاست نیە بیر لەسەرکوتکردنی هێزە ئاینییەکان هەربەوجۆرەی لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکاندا دژی یەکگرتووی ئیسلامی ئەنجامدرا بکەینەوە. هێزێک کە بە ڕێبازی هێمنانە دێتە ناو پرۆسەی سیاسیەوە، ئایدیۆلۆژیاکەی هەرچییەک بێت ئەو پاساوەمان ناداتی لەڕێگای توندوتیژییەوە جارێ لەناوبردنی بدەین. ئەگەر وەها ڕەفتارێک دژی هێزە ئاینییەکان ڕەوابێت دەبێتە کولتوورێک و دژی هەر بەرهەڵستکارییەک ڕەوادەبێت.

بۆ زاڵبوون بەسەر دیاردەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئاینی-سیاسی و پێشگرتن لە کاریگەرییە خراپەکانی، چارەسەریی لەڕووبەڕووبوونەوەو دەست لەیەخەگیرکردنی یەکتردا نییە. بەڵکو تواناو دەرفەتی پێکەوە ژیانیش هەیە. و دەکرێ لەمڕووەوە سوود لە ئەزموونی ڕۆژئاوا وەربگیرێ. کەدەبینین لە کاتێکدا حزبە لیبرالیستەکان دژی دەستێوەردانی کڵێساو مەزهەبن لەکاروباری دەوڵەت، حزبەکانی دیموکرات مەسیح لایەنگری ئەو دەستێوەردانەن. بەهەبوونی ئەم جیاوازەگەورەیەشەوە نەک هەرهێمنانە لەپاڵ یەکتردا کاردەکەن بەڵکو حکومەتی هاوبەشیش بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک هۆڵەنداداا پێکدەهێنن.

**رزگار عومەر** :- دەسەڵاتی کوردی قەت وەکو شەخسیەتی دەوڵەت مامەڵە لە گەڵ دونیای دەرەوەو پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ناکا .بەڵکو وەفادارێکی سەد لە سەدی یەکێتی خاکی عێراق بۆ دونیا دەدوێ .بەڵام هەر ئەم دەسەڵاتە بۆ گیانی هاوڵاتیانی کورد ، وەکو دەوڵەتێکی پۆلیسی ، بە سەرخانێکی تێکەڵ لە پاتریارك و بە خیتابێکی ئیستیعارە کراو لە موفەردات و ریکلامی دیموکراسی سەرکوت پیادە دەکا ، ئێستاش ئەم دەسەڵاتە لە تازەترین هەنگاوەکانیدا " یاسای دژی تیرۆری " لە پەرلەمانەوە بۆ خۆی پەسەند کرد ، یاسایەکی لەو بابەتە کە هاوڵاتیانی ئەمریکا لە ساڵی 2001وە باجەکەی لە ئازادیە مەدەنیەکانی خۆیانەوە دەیدەن ، لێکدانەوەی تۆ چیە لەم بارەیەوە ؟

**دارا مەحمود** :- من پێم وایە یاسای دژە تیرۆر هەرلەبناغەوە بۆ هەلومەرجی کوردستان پێویست نییە. تیرۆر لە کوردستان خاوەنی پێگەو ڕێکخراوێکی وەها نییە کە لە توانایدابێت پرۆسەکە بە قازانجی خۆی تێک بدات. و زۆربەی ئەو کارە تیرۆریستیانەی تا ئێستا ئەنجام دراون بە پەرینەوە لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی تاک و یانیش لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوون کە ئەمانە هەمیشە دەتوانن هەبن و بە یاساش پێشیان ناگیرێت. و ئەگەر چوارچێوەیەکی یاساییش بە حەتمی بزانین ئەوە یاسای سزاکان (قانون العقوبات) تێری وەها پێویستییەک دەکات. و تۆ لەمڕووەوە باسی ئەمەریکات کرد و

**منیش یاسای دژە تیرۆری تورکیام بیرهاتەوە. کە لەڕێگای ئەو یاسایەوە کەسایەتییەکی ئەکادیمی وەک ئیسماعیل بێشکچی و یەشارکەمالی ڕۆماننووس و ئۆرهان پاموکی بیرمەندو ئەحمەدکایای هونەرمەندو دەیان ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی خاوەن بیرو قەڵەمیان پێ حوکم دا.**

**ئەو یاسایە بەر لەوەی بتوانێ لەمپەرێکی واقیعی بخاتە بەر دەم تیرۆر، دەتوانرێ بەبەهانەی ئەوەی نەوەک تیرۆریستان سوودی خراپ لە دەرفەتی ئازادی وەربگرن، هەر خۆپیشاندانێک قەدەغە بکەن و سانسۆر لەسەر بیرو دەربڕین دابنێن. و یانیش هەر کارێکی توندو تیژانەی بچوک و گەورە بخەنە خانەی تیرۆرەوە. ئەمە لە حاڵێکدا مەرج نییە وەها بێت. و ئەگەر گەنجێک سبەنێ بەردێکی بە پۆلیس داداو ئاگری لە چەند ئۆتۆمبیل بەردا تیرۆریست نییەو دەکرێ لە ژێر کاریگەریی هەستی گەنجانەی و تووڕەبوون و بێهیوایی لە هەلومەرجی ژیانی ئەنجامی دابێت. کەچی دادوەریک بە پێی یاسای دژە تیرۆر دەتوانێ حوکمی ئیعدامی بدات. بێگومان شتێکی سروشتییە کە هەرکارێکی توندو تیژی ڕووبەڕووی بەربەستی یاسایی بێتەوەو بەگشتی مەحکومە. بەڵام سزای ئەو خراپکاریانەی لە خۆپیشاندانێکی پرۆتێستیدا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەر خراپکاراندا دەسەپێت، هێندە کەمە جار هەیە ناگاتە زیندان و بەوەی خراپکار چەند ڕۆژ کاری خۆڕایی بە سوودی گشتی ئەنجام بدات کۆتایی دێت.**

**ترس و دڵەڕاوکێکان چەندە لە پێناسەو بڕگەو بەندو مادەکانی ناو یاساکەوە سەرچاوەدەگرن، چەند ئەوەندە لە بێ باوەڕی و لاوازی متمانە بە سیستەمی قەزایی و سەربەخۆنەبوونی لە بەرانبەر دەسەڵات و بێ باوەڕی بە خودی دەسەڵاتەکەوەیە.**

**دادوەرێک کە لەسەر نووسینی چەند بابەت دکتۆر کەمالی بە سی ساڵ زیندان حوکمداو پاشانیش لەسەر ڕێنوێنی دەسەڵات ئازادی کرد، لێشی دەوەشێتەوە بەپێی یاسای تیرۆر دکتۆر کەمالێکی تر لە سێدارە بدات.**

**ئەوەی کە تا ئێستا پێشی بە تیرۆر گرتووە لێوەشاوەیی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس نییە. پۆلیسی کوردستان لە سەربازی ئەمەریکاو پۆلیسی پاکستان و میسرو شوێنەکانی تر شارەزاترو بەتواناتر نییە. کەواتە ئەوەی پێگەی ژیانی لە تیرۆریستان زەوتکردووە خەڵکە نەک پۆلیس. بۆیە پێشگرتن لە تیرۆر بە یاسایەک نابێت کە لە بری تیرۆر ئازادی سەرکوت بکات و ئارامی تاک و کۆمەڵ بشێوێنێت. بەڵکو متمانەو باوەڕی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە.**

**ڕزگار عومەر :– حیزب و حیزبایەتی ،نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا ، پەیوەندیەکی نەبووە بە بزوتنەوەیەك بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی .من خۆم لە گەڵ ئەوە هاوڕام کە حیزب تەنیا وەسیلەیەکە بۆ پرێزگاری ، وەرگرتن و جێ گۆڕکێ لە دەسەڵات ،جا ئەم حیزبە چ خۆی لە دەسەڵات بێ کەناچارە بۆ مانەوە لە دەسەڵات حیزب بەکاربێنێ ،چ لە ئۆپۆزسیۆن بێ کە بۆوەرگرتنی دەسەڵات حیزب بەکاردێنێ .بەڵام ئەم جۆرە لە تێگەیشتن بە جۆرێك لە نائومێدیەوە هێشتا بەرپەرچی دەدرێتەوە ، جەماوەرێکی بەرین لە دەرەوەی حیزبەکاندا پرسیاری زۆرە لەو وەسیلەی کە دەتوانێ بەکاری بێنێ بۆ بە دەست هێنانی گۆڕان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا ، پرسیار لەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگە**

**چۆن بەبێ حیزب و بەبێ رابەرەکانی مەیسەر دەبێ ؟ ئێمە لە دەرەوەی حیزبدا رێگایەکی تر هەیە بیگرینە بەر بۆ دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ؟**

**دارا مەحمود :- من پێم وانییە بە هیچ جۆرێک ئێمەبتوانین دەستبەرداری حزب بین. بەبێ هەبوونی حزب یان دەکەوینە ژێر ڕەحمەتی سیستەمێکی ئۆلیگارشی ستەمکارو یانیش لە باشترین حاڵەتی خۆیدا دەکەوینە خەون و خەیاڵی ئانارشیستیانەوە.**

**کەواتە پرس با ئەوە نەبێ کە حزب هەبێت یان نا. بەڵکو ئەوەی چ جۆر حزبێک و ئەگەر فراوانتریشی بکەینەوە بپرسین چ سیستەمێکی حزبایەتی. و خۆ ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەشت ئەوەبێت کە ئایا حزب تاکە کەناڵێکە کە لە میانییەوە گۆڕانکاریی بەدیٚ دێت دەڵێم: نەخێر! مەرجێکی وا هەرگیز لەئارادا نییەو لەپاڵ هەبوونی حزبدا سازمانبەندی تری غەیرە حزبیش نەک هەر دەکرێ هەبن بەڵکو پێویستیەکی حەتمی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنییە. لەبەر ئەمە چارەسەری لە لەناو بردنی حزبدا نییە. بەلکو لەبەدیهێنانی ریفۆرم بەسەر سیستەمەکەیدا.**

**حزب لەکوردستان لەبری ئەوەی ببێتە ئەو نێوەند، یان دامەزراوەی سیاسەتی گشتی دەوڵەت دەستنیشاندەکات و پاڵێوراوانی بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکات. نێوەندێکە تەنیا بۆ زۆرکردنی لایەنگرانی بە شێوازی کڕین.**

**بەداخەوە سیستەمی حزبایەتی لە کوردستان، یەکێک لە خراپترین سیستەمەکانەو ئەگەر یەکێک لە خەمە گەورەکانی ئێمە دیموکراسی بێت، ئەوە یەکێک لەو لەمپەرە گەورانەی کە دەبێ تێکبشکێنرێ سیستەم و مێتۆدی حزبایەتییە.**

**ئەو کارەی حزب لای ئێمە دەیکات لەپەیوەندی لەگەڵ زۆرکردنی لایەنگرانی خۆیدا لەهی نووسینگەی کار (مکتب عمل) دەچێت بەم جیاوازییەوە، لە نووسینگەی کار، کار دەکرێت و لە حزب ئینتیما. ئینتیماش مرۆڤی حزبی دەکاتە بوونەوەرێکی تەمبەڵی مشەخۆر کە بێ ئەوەی لە پراکتیکدا کارێکی ڕەسمی بکات و بەرهەمێکی هەبێت، چەندان ناوونیشان بەدوای خۆی دەدات و دەبێتە خاوەنی چەندان ئیمتیازاتی ماڵی و ئیعتیباری. و ئەمرۆ حزبی بوون وەک کاروپیشە هەڵدەسەنگێنرێ و ئەگەر لە پیشەی کادرێکی حزبی بپرسی وەڵامەکەی ئەمەدەبێ کە ئەندامی لق یان مەڵبەند، و یانیش پلەکانی تری لەمە خوارتر یان سەرترە.**

**ئەلتەرناتیڤی ئەم بارە نائاساییە لە دوو تەوەردایە: یەکەم تەوەری حزب. کە، یان ئەو حزبانە لەناو خۆیاندا ریفۆرمیان بەسەردا بێت و بگەنە ئاستێکی ستاندارد! یانیش لە ڕێگای درووستبوونی ئەلتەرناتیڤی سیاسی واتا پارت و ڕێکخراوەی سیاسی ترەوە سیستەمی حزبایەتی گۆڕانی بەسەردابێت. کەمن لەمرووەوە هێندە خۆشبین نیم. دووەم: تەوەری کۆمەڵگا. کە هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەخۆی دەگرێت. و ئەگەر لەم ڕووەوە خۆ لەلایەنە تیۆری و ئەکادیمییەکان بپارێزین و وەک واقیعێک سەیری کۆمەڵگاکەی خۆمان بکەین لەچەند شووێنەوە خونچەی مژدەبەخشی پایەکانی وەها کۆمەڵگایەک بەرچاودەکەون وەک:**

بزووتنەوەی عەفەویانە لەناو زانستگاکاندا، بزووتنەوەی رۆشنبیری و سەرهەڵدانی گوتارێکی رەخنەیی(بەهەبوونی کەموکوڕیشەوە)، بزووتنەوەی ژنان لەدەرەوەو ناوەوەی پارتەکەن کە رۆژ بەرۆژ پتر بە مافەکانی خۆیان ئاشناتر دەبن و بوێری دەنگ هەڵبڕین و (نا) گوتنیان دەبێت...

**رزگار عومەر** :–توندو تیژی نەك تەنیا لەلایەن دەسەلاتەوە پیادە دەکرێ ، بەڵکو لە نێو نارەزایەتیە جەماوەریەکانیش بە هۆی جیا جیاوە خۆی دەنوێنێ . ئایا خەیاڵە یان مومکینە ، چەمکی " ئەنتی توندو تیژی " بکەینە یەکێك لە ستراکتۆرەکانی پرۆژەیەك بۆ خەباتی جەماوەری لە پێناوی دیموکراسی و عەدالەتدا ؟

**دارا مەحمود** :– بەلای منەوە خەیاڵ نییەو مومکینە، ئەگەرچی ئەمرۆ لەچوارچێوەی خەیاڵیشدا بێت دەتوانین بیکەینە مومکین و لەسەر پرۆژەیەکی وا رێک بکەوین. هەموو پرۆژەیەک سەرەتا لەناو خەیاڵدا چەکەرە دەکات و پاشان بە هەوڵی مرۆڤ دێتە جیهانی واقیعیەوە.
توندو تیژی بابەتێکی یەکجار هەستیارو گرنگە و نەک تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، بەڵکو لەهەموو بوارەکانداو لەسەر ئاستی جۆربەجۆر، بە هەردوو شێوازەکەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، پەیڕەو دەکرێت و ڕیشەکەی لە ناو کولتوورماندایە.
گەرچی دەکرێ هەندێک جار کێشەکان لە رێگای توندو تیژیەوە چارەسەر بکرێن بەڵام، بەدڵنیاییەوە پاشان چەندان کێشەی قوڵترو درێژخایەنتر سەرەڵدەدەن. ئەمە جگەلەوەی ئەو بایەخانەی لەرێگای بەدەستخستنی ئامانجێک بەرێگای توندوتیژی پێشکەش دەکرێت زۆربەی جارەکان لەخودی ئامانجەکە زۆرترو ئەرزشمەنترە.
ئەمرۆ لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەوتوو، ئەلتەرناتیڤی توندوتیژی تولێرانسە. تولێرانس یەکێک لە بایەخە هەرە گرنگەکان و بنەمای دیموکراسیەکی هاوچەرخە. بۆیە کاتێک باس لە پرۆژەیەک بۆ دیموکراسیەکی هاوچەرخ بکرێت دەبێ بەشێوازێکی هاوکات و هاوئاهەنگ باس لە پرۆژەی ئەنتی توندوتیژیش بکرێت. ئەگەر توانای بەدیهاتنی شتێکی وا لەئارادانەبێت، تەواوی پرۆژە سەرتاسەرییەکە بۆ دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی خەلەلی تێ دەکەوێت. ولەئاکامدا دووچاری بنبەست و شکەست دەبێتەوە.
گەشەسەندنی کۆمەڵگاو دامەزراندنی سیستەمگەلی عەقڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانەی تاک، تەنیا کاتێک لەتوانادا دەبێت کە کۆمەڵگاو ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی حوکمی بەسەردادەکات بنەمای تولێرانسیان قبوڵ بێت.
ڕاستە لەهەندێک قۆناغی دیرۆکی و تایبەتدا پەنابردن بۆ توندو تیژی دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی حەتمی. بەڵام بۆ هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان، پێویستیەکی وەها نەک هەر لە ئارادا نییە، بەڵکو تێکوپێکدانێکی رووتە و هەرقوربانیەکیش لەم رێگایەدا پێشکەش بکرێت لەوپەڕی بێواتایی دایە. و من بەش بە حاڵی خۆم لایەنگری هیچ گۆڕانکارییەک نیم کە بە مێتۆدی توندو تیژی بەدەست بێت.

رزگار عومەر :–لە 6 مانگی ڕابردوودا ،دوو کێشە بوو بە گۆڕەپانی ڕوبەڕوبونەوە . کێشەی د.کەمال و کێشەی مەریوان هەڵەبجەیی . ئەم دوو کێشەیە لەزۆر لاوە دەکرێ هەردووکیان بدەینە بەر لێکۆڵینەوە .ئایا تۆ خۆت لەو باوەڕەی کە بێجگە لە فاکتەری ئازادی بیرو ڕا ، هەردوو کێشەکە بە هەموو تایبەتمەندی و لاوازی خۆیانەوە ، فاکتەری هێرش بۆسەر " موقەدەس " کۆیان دەکاتەوە ، یەکێکیان هێرشە بۆ " تابو " سیمبولی موقەدەسی دەسەڵات ، ئەویتریان هێرشە بۆ " موقەدەس " ئاین و ئەو حیزبانەی لە پشتیەوە هەناسە دەدەن ؟

دارا مەحمود :– بەڵێ ئەمە ڕاستە. و من دەبینم دەسەڵات (بەهەموو شێوازەکانییەوەو لەسەر هەموو ئاستەکان) لەهەوڵی ئەوەدایە پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان خۆی و ڕۆشنبیر، دامەزرێنی. و یان ڕەنگە ڕاستر بێت بڵێین: دەخوازێت ژیان بەبەر ئەو پەیوەندییە نەریتییەدا بکاتەوە کە خەریکە تێک دەشکێت. پەیوەندییەک کە تەنیا خۆی (دەسەڵات)، سیماکانی دیاریی دەکات و ڕۆشنبیر تەنیا دەبێتە لایەنێکی گوێڕایەڵ و بەس. ئەم پەیوەندییە خوازراوەش لەسەر چەند پرەنسیپ دامەزراوە: 1- ترساندن و سزادان. 2- تۆبە پێکردن. 3- پاداشت و بەخشین. و ئەمانە لە کاتێکدا پرەنسیپی ئەو پەیوەندییەن، شێوازی مامەڵە کردنیشن کە پلە بە پلە بەدوای یەکدا دێن و بەبێ هەبوونی هیچ بنەمایەکی یاسایی لەسەر بنەمای فتوا (چ لەڕێبەرێکی ئاینییەوە بێت یان سیاسی) بەڕێوە دەچن. ئامانجی سەرەکی و کۆتایی ئەو پەیوەندییە، کوشتنی کەسایەتی ڕۆشنبیرو لەناوبردنی بایەخەکەیەتی. کە بەداخەوە تێگەیشتنە هەڵەکانی ئێمەش بۆ ڕەخنە، دەرفەتی بەدیهاتنی ئەم ئامانجە پتر دەڕەخسێنن.
لە گوتاری ڕەخنەییماندا لەبری ئەوەی ئێمە داکۆکی لەتاک بکەین پیویستە لە میانی تاکەوە داکۆکی لە پرەنسیپێکی گشتی بکەین. واتا بۆ دەبێ ئێمە خۆ بەمەوە ماندوو بکەین داخوا دکتۆر کەمال لەهەڵوێست و قسەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە یان نا..!!
لە ئاکامدا من دەڵێم ئەو شێوازە پەیوەندییەی دەسەڵات دەخوازێ بیسەپێنێت و ڕەواجی پێ بدات لەکالآیەکی قەڵب کەلە بازاڕی هزردا کڕیارێکی نییە بەولاوە شتێکی تر نییە.
دەسەڵات دەبێ مل بۆ ئەمەبدات کە هەبوونێکی کاتی هەیەو شیاوی نەمان و کۆتایی پێهاتن و ئاڵوگۆڕ پێکردنە.
دەسەڵات دەبێ مل ئەم واقیعە بدات کە هەر وەک میشیل فۆکۆ دەڵێت: لەهەرشوێنێک دەسەلآتێک هەبێت بەرەنگاربوونەوەیەکیش هەیە، چونکە هەبوونی دەسەڵات پەیوەستەی هەبوونی چەند نێوەندی بەرەنگاربوونەوەشە.
مرۆڤی کورد هەر پیشەیەکی هەبێت و لەهەر ئاستێکی سیاسی و فەرهەنگی دابێت، مرۆڤە بەتەواوی خەسڵەتەکانییەوەو چی تر گەمەی دەستی دەسەڵات نییە. لەناو ئەم مرۆڤانەشدا توێژێکی ڕۆشنبیر هەبوونی هەیە و هێندەش گرنگ نییە تا چ ئاستێک بەبیرو مەعریفە چەکدارە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم توێژە (بەهەبوونی کەموکوڕیەوە) تا ئاستێکی گونجاو بە ئەرکەکانی خۆی ئاشنایە. ئەم ئەرکانەش بریتین لە خوڵقاندنی بیری نوێ، دەربازکردنی نەریت و شکاندنی قاڵبە کۆنەکانی بیرو ئەندێشە،

**ڕەخنەگرتنێکی بەردەوام لە بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی، بێدەنگ نەبوون لەبەرانبەر پێشێلکارییەکان و ڕیسواکردنی گەندەڵکاری و مشەخۆری، و چەندانی تر...**

**بەڵام دەبێ ڕۆشنبیریش ڕێزی گوتاری ڕەخنەیی خۆی بگرێت و لە جیهانێکی بچوکدا گیری پێ نەخوات.**

**ئەمڕۆ کۆمەڵە کێشەیەکی نامۆ تیکەڵاوی ئەم گوتارە ڕەخنەییە بووە کە لە گەوهەری خۆی بەتاڵی کردۆتەوەهە: نووسەرێک لەسەر ئەوەی لەسەر بەخشینی وەزیفە لەگەڵ دەسەڵات ڕیک نەکەوتووە، یان یەکێکی تر لە سەر کۆنەقینێکی شەخسی پەلاماری بەرپرسێک دەدات...بەجیهانی زانستیی و مەعریفی ڕەخنە نامۆیەو چالاکیەکی وا بچوککردنەوەی ڕەخنەیەو لەبایەخی کەمدەکاتەوە.**

ڕزگار عومەر :– کاك دارا بەناوی خۆم و سایتی دەنگەکان سوپاست دەکەین .

**دارا مەحمود:– منیش سوپاستان دەکەم، دەستخۆشیتان لێدەکەم و سەرکەوتووتر بن.**